حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# کارو چالاکیەکانی وەزارەتی پلاندانان

## وەرزی سێیەم

## تەمموز - ئاب - ئەیلول
2013





Website: ( www.mop-krg.org )
تشرینی دووەم - 2013

وەزارەتـــی پـلانـدانـــان
( www.mop-krg.org )

# کارو چـالاكییە ئەنجامدراوەكانــی وەزارەتـــی پـلاندانــان

## ( تەمموز - ئاب - ئەیلول ) / 2013

## لــەم ژمـارەیــەدا


- خستنەڕووی حەوت ڕاپۆرت، کە ڕێگای کوردستان نیشان دەدات لە ڕابردوو ، ئێستا ، ئایندەدا. ل4
- ئامادەکاری بودجەی (2014)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دوو قۆناغ تێدەپەڕێت. ل5
- حکومەتی هەرێم پەیوەندیەکانی لەگەڵ UNDP پەرەپێدەدات. ل6
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەی پۆلێنکردن لەوەزارەتی پلاندانان بۆ بەدواداچوونی کارەکان لەم بوارەدا . ل7
- ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی مادده و بڕگەکانی هاتوو لە ڕێنماییەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011. ل8
- کاروچالاکیەکانی دەستەی ئاماری هەرێم. ل( 9 - 13)
- بڕیاری کارکردن بە تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847) بۆ ساڵی 2012 درا ..ل14
- یاداشتنامەی لەیەکگەیشتنی پڕۆژەی بەهێزکردنی حوکمڕانی. ل18
- گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی بەدەنگەوەهاتنی جۆری کۆمەڵایەتی. ل19
- پێداچوونەوە و دارشتنەوەی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ل20
- ئەنجامدانی (26) خول و سیمینار کەتیایدا (508) فەرمانبەر لەدام و دەزگاکانی حکومەت سوودمەند بوون. ل21
- پڕۆژەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ لە قۆناغی کۆتاییدان. ل25
- بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی LADP .. ل26
- ئاشناکردنی کارمەندان و بەڕێوەبەرەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چۆنیەتی داواکردنی بودجە بۆ پڕۆژە. ل26


## پێشەکی

بەمەبەستی خستنەڕووی کاروچالاکیە سەرەکیەکانی وەزارەتی پلاندانان بۆ وەرزی سێیەم (تەمموز، ئاب، ئەیلول)/2013 وەزارەت ژمارەیەکی دیکەی لە ڕاپۆرتی کارو چالاکیەکان ئامادەکرد، کە ئەویش پێکهاتووە لەو کارو پڕۆژە سەرەکیانە کە لە ماوەی ئاماژەپێکراوی سەرەوەدا ئەنجامدراون یاخود کارکردن لەسەریان بەردەوامە، وە ئەم کارو پڕۆژانەش پێکهاتووە لەو کارانەی کە لە تەواوی دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەت ئەنجامدراون.

پێویستە بگوترێت کە لەم ماوەیەدا چەندین پڕۆژەی گرینگ بە ئەنجام گەیاندراون بەتایبەتی خستنەڕووی ئەو حەوت ڕاپۆرتەی کە ڕێگای کوردستان نیشان دەدات لە ڕابردوو, ئێستا، و ئایندەدا، کە تیایدا ڕێژە و ئاماری وورد لەسەر ڕەوشی هەرێمی کوردستان دەربارەی داهاتی تاك و خێزان و ئاو و کارەبا و گەشتوگوزار و ڕێژەی بێکاری و تەندروستی و بەراوردی ڕێژەی مردن و لە دایکبوون و گەلێك زانیاری گرنگی دیکە. هەروەها وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵساوە بە ئامادەکاری پێویست بۆ بودجەی (2014)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان. جگە لەمانەش لەڕووی پۆلێنکردنی کۆمپانیا و بەڵێندەرانیشەوە وەزارەت بەردەوام بووە لە کار و کۆبوونەوەکانی لەم بوارەدا، کە (38) کۆمپانیا و بەڵێندەر لە ماوەی دیاریکراوی ئەم ڕاپۆرتە پۆلێنکراون, وە پلەی (12) شیان هەڵوەشێنراونەتەوە. وە هەروەها وەزارەت بەردەوام بووە لە کاری دیکەی بواری ئامار و پشکنینی مەوادی هاوردەکراو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە وەزارەت هەڵساوە بەئەنجامدانی چەندین خولی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ کارمەندانی حکومەت و هاوکاری و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها ئامادەکردن و بەدواداچوونەوە بۆ پلانی ستراتیجی هەرێمی کوردستان.





# خستنەڕووی حەوت ڕاپۆرت، كە ڕێگای كوردستان نیشان دەدات لە ڕابردوو ئێستاو ئایندەدا





وەزارەتی پلاندانان بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی كوردستان لەرێكەوتی 2013/9/19 لە هۆلی شەهید سەعد عەبدولا حەوت راپۆرتی خستەروو، كە تیایدا رێژە و ئاماری وورد لەسەر رەوشی هەرێمی كوردستان دەربارەی داهاتی تاك و خێزان و ئاو و كارەبا و گەشتوگوزار و رێژەی بێكاری و تەندروستی و بەراوردی رێژەی لە دایكبوون و مردن و خوێندن و دیدی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2020 خستەڕوو. ئەم راپۆرتەش وەزارەتی پلاندانان بە هاوكاری لەگەڵ رێكخراوە نێودەوڵەتیەكان ئامادەی كردبوو. لە رێورەسمەكەدا ژمارەیەك لە وەزیر و بەرپرسانی حكومەت و نوێنەرانی وولاتانی بیانی و رێكخراوە ناحكومیەكان و دەزگا و ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ئامادە بوون.

بریكاری وەزارەتی پلاندانان شێروان ئەسعەد شیكردنەوەیەكی پێشكەشكرد و باسی لەو لێكۆڵینەوە و پلانانە كرد، كە لەلایەن دەزگای راندی ئەمریكیەوە پێشكەشكرابوو بۆ ئایندەی هەرێمی كوردستان.

دواتر د. علی سندی وەزیری پلاندانان كورتەیەكی لەسەر ئەو لێكۆڵینەوانە پێشكەشكرد، كە تایبەت بوو بە بارودۆخی ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان كە بریتی بوون لە: (داهاتی تاك و خێزان، ئاو، كارەبا، گەشتوگوزار، بێكاری، تەندروستی، بەراوردكردنی نێوان رێژەی لە دایكبوون و مردن و خوێندن)، هەروەها وەزیری پلاندانان دیدگای پەرەپێدانی هەرێمی كوردستانی بۆ ساڵی (2020) بۆ ئامادەبووان روونكردەوە. دوای ئەوەش سۆكۆڵ كۆندی بەرپرسی نوسینگەی نەتەوەیەكگرتووەكان لە هەرێمی كوردستان و خاتوو رۆبین میل لە دامەزراوەی (RAND) ووتەكانیان پێشكەشكرد.

لە رێورەسمەكەدا سەرۆكی حكومەت بەرێز نێچیرڤان بارزانی لە ووتەیەكیدا جەختی كردووە لەسەر ئەوەی كەوا سیستەمی حوكمرانی باش پێویستی بە زانیاری و داتا و شیكردنەوەی گشتگیرە، تاكو حكومەت بتوانێت سیاسەتی بەسوود دابرێژێت بە بەكارهێنانی سەرچاوە و ئامرازی بەردەست بۆ دەستنیشانكردنی لایەنە بەهێزەكان و كاركردن لەسەر لایەنە لاوازەكان بۆ باشتركردنی ئەدای حكومەت. هەروەها دووپاتیشیكردەوە كە زۆر گرینگە حكومەت زانیاری هەبێت لەسەر تەواوی سێكتەرە ئابوریەكانی وولات و سێكتەرەكانی دیكە، بۆئەوەی بتوانێت سیاسەتێكی راست و دروست بۆ كەرتەكانی (پەروەردە، تەندروستی، گەشەپێدانی ئابوری و خزمەتگوزاریەكان) دابرێژێت.

دوای ئەوە سەرۆك وەزیران سوپاسی خۆی ئاراستەی وەزیری پلاندانان و وەزارەتە پەیوەندیدارەكان و كارمەندانی كرد بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەیان لە ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە بەشێوەیەكی زانستیانە.

# ئامادەکاری بودجەی (2014)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان به دوو قۆناغ تێدەپەڕێت



وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان به پشتبەستن به ئەزموونی لێهاتوویی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم به گشتی، وە هەروەها گەڕانەوە بۆ ئەزموونەکانی ساڵانی ڕابردوو له بواری پێشکەشکردنی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، وە بەشێوەیەکی باشترو سیستەماتیکی تر له ساڵانی ڕابردوو دەستیکردووە به ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی بودجەی حکومەت بۆ پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان.

له قۆناغی یەکەم دا وەزیری پلاندانان کۆبوونەوەی لەگەڵ گشت وەزیرەکان و بەرپرسی فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی کارنامەیەکی پوختە کە پێشتر لەلایەن وەزارەتی پلاندانان ئامادەکرابوو ئەنجامدا. ئەم کۆبوونەوانەش لەرێکەوتی 2013/8/18 دەستپێکرا و له کۆتایی هەفتەی دووەمی مانگی ئەیلول کۆتایی هات.

پاش تاوتوێکردنی بودجە لەلایەن وەزیری پلاندانان و وەزیرەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆسەی ئامادەکاریەکان چوونە قۆناغی دووەم، کە لەم هەنگاوەدا بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان و ستافی پسپۆر له بواری بودجە له دانانی بودجەی پێویست بۆ هەر وەزارەتێك گفتوگۆ و تاوتوێی بودجەی وەزارەتەکان کرا. لەم قۆناغەدا بەڕێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان به ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابوری کۆبوونەوەی لەگەڵ گشت بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستنیشانکراو بۆ کاروباری بودجە لەلایەن وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا. ئامانجی ئەم کۆبوونەوانە گفتوگۆ و تێڕوانینێکی ڕاست و دروست بوو لەسەر پێویستی بودجە بۆ هەر وەزارەتێك و ئامادەکردنی داواکاری بودجەی وەزارەتەکان له بودجەی 2014.

شێواز و میکانیزمی ئەم ساڵی ئامادەکردنی بودجە دوو خاڵی جەوهەری و گرنگ له خۆدەگرێت: یەکەمیان: هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هیچ کاریگەریەکی خراپی لەسەر ئیش و کارەکانی حکومەت بەگشتی و وەزارەتی پلاندانان بەتایبەنی دروست نەکردووە، بۆیە وەزارەتی پلاندانان ئەم ئەرکە گرنگ و ستراتیجیەی بۆ کابینەی داهاتوو جێنەهێشت، ئەم هەنگاوەش کار ئاسانی زۆر بۆ قۆناغەکانی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، پێویستە بوترێت ئەم هەنگاوەی وەزارەتی پلاندانان به تایبەتی و وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەربلاو لەلایەن کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و

دەرەکییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان پێشوازی لێکرا و ستایشی حکومەتی هەرێمیان کرد لە پێشەوەچوونی پرۆسەی خێراکردنی بودجە، کە بە بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت.

خاڵی دووەم: جەوهەری ئامادەکاری بودجە لەبەر چاوگرتنی پرۆژەکانە بەپێی پێداویستی ناوچە، بەناوچە دابراوەکانی کوردستانیشەوە، لە بودجەی حکومەتی هەرێمی وەك ساڵانی رابردوو بەشێوەیەکی بەرچاو پرۆژە

خزمەتگوزاریەکان بۆ ناوچە دابراوەکان زیادی کردووە، ئەم هەنگاوەش زیاتر لە رابردوو خزمەت بە کوردانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکات، وە پرۆسەی ئامادەکاری بودجەی ساڵی (2014) بەردەوامی دەبێت هەتا قۆناغی کۆتایی.

# حکومەتی هەرێم، پەیوەندیەکانی لەگەڵ UNDP پەرەپێدەدات



دکتۆر ئادەم عەبدوڵلا بەرێوەبەری گشتی بەرنامەی UNDP لە عیراق لە یەکەم سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان پتەوکردنی پەیوەندیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە گشتی و UNDP بەتایبەتی لەگەڵ دکتۆر علی سندی وەزیری پلاندانان دوویات کردەوە.

کارو چالاکیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە میانەی کۆبوونەوەی دکتۆر علی سندی وەزیری پلاندانان لەگەڵ شاندی ناوبراو تاوتوێکرا، بەمەبەستی پتەوکردن و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی رێکخراوی ناوبراو و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دکتۆر ئادەم عەبدوڵلا ستایشی رۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد لە بواری پەرەپێدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و بەرێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی مەدەنیانە و پێشکەشکردنی هەموو خزمەتگوزاریەکان بە پەنابەرانی رۆژئاوای کوردستان و پەنابەرانی سوریا بە تایبەتی.

ئاژانسی UNDP کە بەشێکی گرنگی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە لە ئێستادا چەندین پرۆژەی هاوبەشی هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەك بڕیاریشە هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان حکومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوامی هەبێت.

کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی زاگرۆس فتاح بەرێوەبەری گشتی پلانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و حیدر مستەفا بەرێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان بەرێوەچوو.

# ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەی پۆلێنکردن لەوەزارەتی پلاندانان بۆ بەدواداچوونی کارەکان لەم بوارەدا




لیژنەی پۆلێنکردنی بەلێندەران (5) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، کە لە ئەنجامدا (38) کۆمپانیا و بەلێندەری پۆلێنکردووە و پلەی پۆلێنی (12) کۆمپانیا و بەلێندەری بەرزکردۆتەوە و پلەی پۆلێنی (2) کۆمپانیای هەلۆەشاندۆتەوە و پلەی پۆلێنی (1) بەلێندەریشی دابەزاندووە، وە ناوی (2) کۆمپانیای خستۆتە لیستی ڕەش و ناوی (1) کۆمپانیاشی لە لیستی ڕەش دەرهێناوە.

ئامادەکردنی گشت زانیاری و دۆکیومێنتەکانی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەی سەرەوەی لێژنەی پۆلێنکردن، لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی پۆلێنکردنی بەلێندەران جێبەجێ کراوە. جگە لەمانەش ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەلساوە بە نوێکردنەوەی ناسنامەی پۆلێنکردن بۆ (51) کۆمپانیا و بەلێندەر، وە دەیان پشتگیری دەرچوونی ناسنامەی کردووە بۆ کۆمپانیا و بەلێندەران.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلێنکردنی بەلێندەران سەبارەت بە ڕەشنووسی نوێی پەیرەوی پۆلێنکردنی بەلێندەران ڕاوبۆچوون و تێبینیەکانی گشت وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەندیکا و یەکێتیە پەیوەندیدارەکانی وەرگرتووە، وە لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی لێژنەی پۆلێنکردنی بەلێندەران گفتوگۆ و دیراسەتی گشت ئەو تێبینیانە کرا و سەر لە نوێ ڕەشنووسەکە داڕێژرایەوە و ئامادەکرا بۆ پەسەندکردنی.

سەرەڕای ئەم کارانەی سەرەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ڕۆژانە کاری ئاسایی خۆی ئەنجام داوە، کە بریتیە لە ئامادەکردنی داتای پێویست و وەلامدانەوەی گشت وەزارەت و لایەنەکانی حکومی و ڕەزامەندیدان لەسەر فرۆشتنی پشکی هاوبەشان و دامەزرێنەرانی کۆمپانیاکان دوای دیراسەکردنی دۆسیەکانیان.

| جۆری بڕیارەکان | ژمارەی کۆمپانیا و بەلێندەران |
|---|---|
| پۆلێنکردنی نوێ | 38 |
| بەرزکردنەوەی پلەی پۆلێن | 12 |
| دابەزاندنی پلەی پۆلێن | 1 |
| هەلۆەشاندنەوەی پلەی پۆلێن | 2 |
| خستنە ناو لیستی ڕەش | 2 |
| دەرهێنان لەناو لیستی ڕەش | 1 |



# ڕوونكردنەوە و شیكردنەوەی مادده و بڕگەكانی هاتوو لە ڕێنماییەكانی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتیەكانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011

چالاكيەكانى بەڕێوەبەرايەتى گرێبەستە گشتیەكان بریتییە لە:

- ئەنجامدانی خولێكی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەكانی پارێزگای دهۆك، بەمەبەستی شیكردنەوەی مادده و برگەكانی هاتوو لە ڕێنماییەكانی جێبەجێكردنی گرێبەستە گشتیەكانی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 و چارەسەركردنی ئەو كێشانەی دێنەكایەوە لە ئەنجامی جێبەجێكردنی گرێبەستە حكومیەكان.
- جێبەجێكردنی ستراتیجی وەزارەت بۆ پەرەپێدانی بواری گرێبەستە گشتیەكان و بەشداریكردن لە چەندین وۆركشۆپ بەسەرپەرشتی پسپۆڕانی بانكی نێودەوڵەتی بۆ پێگەیاندنی ڕاهێنەران لەبواری گرێبەستە گشتیەكان و بەكارهێنانی بەڵگەنامە ستانداردەكان بۆ پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری ڕاوێژكاری (الخدمات الاستشارية) و چەسپاندنی شیاویی پێشوەخت و دەلیلی گشتی گرێبەستە گشتیەكان و بەڵگەنامە ستانداردەكان بۆ كەرتی كارەبا و تەندروستی و پەروەردە. ئەم وۆركشۆپانە لە وولاتی (میسر، ئوردن، توركیا) بەڕێوەچوون و هەشت نوێنەری حكومەتی هەرێم لە وەزارەتەكانی (پلاندانان، دارایی و ئابووری، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، تەندروستی، شارەوانی، گەشتوگوزار، پەروەردە، كارەبا) و پارێزگای سلێمانی بەشداریان تێدا كرد لەگەڵ كۆمەڵێك لە فەرمانبەرانی حكومەتی ناوەندی لە بەغدا و پارێزگاكانی تری عیراق.
- گفتوگۆكردن لەگەڵ شاندی بانكی نێودەوڵەتی و ڕێككەوتن بەشێوەیەكی سەرەتایی لەسەر ئەو سیناریۆیانەی پێشكەشكراون سەبارەت بە هەمواركردنی ئەو ڕێسا و ڕێنماییانەی ئێستا كاری پێدەكرێت، وە دانانی ڕەشنووسی یاسای گرێبەستە حكومیەكان و بەڵگەنامە ستانداردەكان بۆ گشت جۆرەكانی گرێبەست لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا.
- وەڵامدانەوەی گشت وەزارەتەكان و لایەنەكانی نەبەستراو بە وەزارەت سەبارەت بەو كێشانەی لە ئەنجامی جێبەجێكردنی پرۆسەی تەندەرین بەرەنگاریان دەبێتەوە.



# بەرنامەی چاکسازی سیستەمی ئامار

لەرێکەوتی 2013/7/3 کۆبوونەوەیەك بەسەرپەرشتی دەستەی ئاماری هەرێم و بە هاوکاری رێکخراوی (GOPA)ی ئەڵمانی و لەژێر چاودێری رێکخراوی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان UNFPA لە هوتێلی ڤان رۆیال لە هەولێر ئەنجامدرا.
مەبەستیش لەم کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە چاکسازیکردن لە سیستەمی ئامار لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم. لە کۆبوونەوەکەدا هەریەك لە تەواوی ئەو لێژنانەی کە پێکهاتوون بۆ چاکسازی لە بوارە جیاجیاکانی ئامار نمایشی تایبەت بە بابەتەکانیان خستەڕوو، بۆ زانینی ئەو هەنگاوانەی کە لە رابردوو دا ئەنجامدراوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیستەمە و باسکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە هاتوونەتە پێش و بە هەڵواسراوی ماونەتەوە گفتوگۆی لەسەر کرا، وە هەروەها باس لە دانانی پلانی کار کرا بۆ هەنگاوی داهاتوو.

# کۆبوونەوەی تایبەت بە بابەتی ئاماری لە دایکبووان و مردووان

لە بەشێکی تری سیستەمی چاکسازی ئامار تایبەت بە بواری لە دایکبووان و مردووان لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی و لەژێر چاودێری سەرۆکی دەستەی ئامار کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداری بەڕێوەبەرە گشتیەکانی تەندروستی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لە هوتێلی رۆتانا لە هەولێر ئەنجامدرا، بەمەبەستی رێکخستن و باشترکردنی تۆماری لە دایکبوون و مردووان لە فەرمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی تەندروستی، وە چۆنیەتی یەکخستی داتای تایبەت بەم بوارە و بەیەکەوە بەستن و ناردنی داتا لە فەرمانگەکان و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بۆ وەزارەتی پەیوەندیدار و دانانی میکانزمێکی تایبەت بە تۆماری لەدایکبووان و مردووان.

# کۆبوونەوەی فراوانی دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتیەکانی



لەرێکەوتی 2013/8/28 بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ئامار لە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بە بەشداری بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر و دهۆك و بەشێك لە فەرمانبەران کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجامدرا، بەمەبەستی زیاتر کۆنترۆڵکردنی کارەکان لە دەستەی ئامار.
لە کۆبوونەوەکەدا باس لە چەند بابەتێکی گرنگی تایبەت بە دەستە و بەڕێوەبەرایەتیەکان کرا، وە دواتر باس لەسەر چەند رووپێوێك کرا کە هاوشێوەی رووپێوەکانی ترن کە دەستە ئەنجامیداون و بڕیاریشە لە داهاتوودا دەستەی ئامار هەنگاوی جێبەجێکردنی بۆ بنێت.
هەروەها تیشك خرایە سەر بەشێك لەو رووپێوانەی لە کۆبوونەوەکان باسی لێوەکرا لە بەشەکانی کشتوکاڵ و لایەنی کۆمەلایەتی، وە بۆچوونی هەریەکەیان کاریگەری هەبوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

# ڕووپێوی كۆمپانیاكانی حەواڵەكردنی دراو و گۆڕینەوەی

لەڕێكەوتی (7/10 - 8/15)/2013 خولێك بەسەرپەرشتی دەستەی ئاماری هەرێم و بە ئامادەبوونی خاوەن كۆمپانیا و نووسینگەكانی گۆڕینەوەی دراو لە چوارچێوەی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لەڕێگەی كارمەندانی ئاماری پارێزگاكان ئەنجامدرا، بەمەبەستی شیكردنەوەی فۆرمی ڕووپێوی ئاڵوگۆڕی دراو و گۆڕینەوە لە دەستەی ئاماری هەرێم، مەبەستی ڕووپێوەكەش بریتی بوو لە:

- ئاشنابوون بە قەبارەی گوژمەی كارپێكراو لە هەرێم.
- زانینی ژمارەی كارمەندانی كاركردوو لەم ڕووپێوەدا.
- ئاشنابوونی داهاتی ئەم كەرتە.
- دەرخستنی جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی كوردستاندا، كە خزمەت بە ژمێرياری نەتەوەی دەگەیەنێت.

# ڕووپێوی هوتێل و شوێنە گەشتیارەكان

خولی ساڵانەی ڕووپێوی هوتێل و شوێنەگەشتیاریەكان لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان ئەنجامدرا، بۆ ئاشنابوون و ڕاهێنان لەسەر فۆرمی هوتێل و یەكەگەشتیاریەكان بۆ پارێزگاكانی هەرێم لە دەستەی ئاماری هەرێم، كە ماوەی ئەنجامدانی كاری مەیدانی (2) مانگە، وە لەئێستادا چاوەڕوانی ئەو فۆرمە دەكرێت كە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە چاپ دەكرێت.

ئامانجی ڕووپێوو:

- بەدەستهێنانی نیشاندەری تایبەت بە ژمارەی هوتێلەكان و شوێنە گەشتیاریەكان.
- بەدەستهێنانی ژمارەی گەشتیاران.
- داهاتی ساڵانەی شوێنە گەشتیاریەكان.

# كردنەوەی خولی بەرنامەی اوراكل

لەڕێكەوتی (8-19)/9/2013 خولێك كرایەوە بەناوی خولی بەرنامەی اوراكل، بەهاوكاری ئاژانسی (UNFPA) كە تایبەت بوو بە چاكسازی لە سیستەمی ئامار . ئەم خولەش لەلایەن شارەزایەكی دەزگای ناوەندی ئامار لەم بوارە دا جێبەجێ دەكرێت.

مەبەستیش لە ئەنجامدانی ئەم خولە بریتیە لە:

- ئاشنابوون بە سیستەمی تازە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوەكان و شیكردنەوەی بەپێی ئەم سیستەمە.
- پەرەپێدانی مرۆیی كارمەندانی دەستە.

# شیكردنەوەی داتاكانی ڕووپێوی چاندراوی بەروبوومی هاوینە و قۆناغەكانی

- داتاكان لە مەیدان لەسەر ئاستی ڕووبەری چاندراوی هەر جووتیارێك وەرگیرا بوو، بۆیە گەرێندرانەوە سەر ڕووبەری یەك دۆنم بۆ ڕووبەری چاندراو.
- برشتی بەروبوومەكان لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر كۆی گشتی بوو بۆ بەرهەمی وەرگیراو لە پەریز، بەڵام بە ووردبینی كردنیان گەرێندرانەوە بۆ سەر برشتی دۆنمێك.
- بۆ گشت تێچووی بەروبوومەكانیش، شیكردنەوەی تەواو ئەنجامدراوە كە بریتی بوون لە: (كێڵان، گواستنەوە، ... هتد).

# ئامادەكردنی (3) ڕاپۆرتی كۆتایی بۆ ڕووپێوی چاندراوی بەروبوومی هاوینە

- یەكەم : ڕاپۆرتی بەرهەمی بەروبوومی هاوینە.
- دووەم : ڕاپۆرتی تێچووی بەروبوومی هاوینە.
- سێیەم : ڕاپۆرتی ڕووبەری چاندراوی بەروبوومی هاوینە.

# ڕووپێوی ژینگە بۆ کەرتی کوشتارگە

بەشی ژینگە لە دەستەی ئاماری هەرێم بە هەماهەنگیی لەگەڵ ناوەندی ئاماری بەغدا ڕووپێوی ژینگە بۆ کەرتی کوشتارگە بۆ ساڵی 2013 ئەنجام دەدات،

ئەم ڕووپێوە گرنگیەکی زۆری هەیە لەسەر پیسبوونی ژینگە و تەندروستی تاك لە کۆمەڵدا.

وە بەمەبەستی دەستپێکردنی کاری مەیدانی بۆ ڕووپێوەکە لە ڕێکەوتی (1- 5)/2013/9 لە دیوانی دەستە لەگەڵ کارمەندانی ئاماری ناوەندی بەغدا خولێك ئەنجامدرا.

لەلایەکی دیکەوە لە ڕێکەوتی 2013/9/15 نوسراو کراوە بۆ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و ئیدارەی گەرمیان، بۆ ئەوەی کاری مەیدانی تایبەت بەڕووپێوی ژینگە بۆ کەرتی کوشتارگە دەستپێبکرێت، ئەمەش دوای وەرگرتنی فۆرمی کۆتایی لە ئاماری ناوەندی لە بەغدا.

# ئەنجامدانی ڕووپێوی تاوان و قوربانیانی تاوان

دەستەی ئاماری هەرێم بە هاوکاری ڕێکخراوی UNDP و UNODC و دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق بە نیازی ئەنجامدانی ڕووپێوی تاوان و قوربانیانی تاوانە لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەدەستهێنانی هەندێ نیشاندەر لە جۆرەکانی تاوان و کوشتن و دزین و نیشاندەری تایبەت بە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و زانینی ڕێژەیان لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم جۆرە تاوانانە و ئارامی و ئاسایشی زیاتر بڕەخسێت بۆ کۆمەڵگە. هەروەها تیمی دەستەی ئامار لەژێر چاودێری سەرۆکی دەستە هەنگاویان ناوە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك زانیاری لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم و ئەنجوومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

وە بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوەش بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ناوبراو کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا بەمەبەستی دانانی پلانی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە (ڕووپێوی تاوان و قوربانیانی تاوان).

# ڕووپێوی پیشەسازی ماڵی (الصناعات البيتيه)

ئامادەکاریکراوە بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی پیشەسازی ماڵی بەهەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی و دەزگای ناوەندی ئاماری بەغدا. وە بڕیارە خولی ڕاهێنان بۆ توێژەرانی ئەم ڕووپێوە لە (7-10)/2013/10 لە دەستەی ئاماری هەرێم ئەنجام بدرێت و دواتر کاری مەیدانیش دەست پێ بکات .

ئامانجی ڕووپێوەکە بریتیە لە:

- □ بە دەستهێنانی زانیاری دەربارەی جۆری چالاکی کارکردن.
- □ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی جۆری بەرهەمهێنان.
- □ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی جۆری کەرستەی خاوی بەکارهاتوو وە کەرستەی لەبەرگرتنەوە و کەلوپەلی پێداویستی پیشەسازی.
- □ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ژمارەو کرێی کارمەندان.
- □ بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی جۆری تێچووی (ئاو، کارەبا، سوتەمەنی ... هتد).

# KURDISTAN REGION FOR JUNE – 2013

| Division | KRG | Duhok | Suly | Erbil | گروپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 158.0 | 162.2 | 148.3 | 166.7 | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Bever-ages,Tobacco | 121.0 | 118.2 | 124.6 | 118.5 | خواردەمەنیە کهولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | 142.9 | 131.5 | 137.5 | 155.4 | جل و بەرگ و پێڵاو |
| Housing, Wa-ter,Electricity | 87.5 | 74.9 | 90.2 | 91.5 | کرێی خانوو، ئاو، کارەبا، سوتەمەنی |
| House Supplies , Appli-ances & Maintenance | 125.2 | 127.5 | 118.6 | 131.5 | پێداویستیەکانی ناو ماڵ و چاککردنەوە |
| Health | 210.7 | 153.6 | 197.3 | 258.0 | تەندروستی |
| Transportation | 115.9 | 108.5 | 133.4 | 99.9 | گواستنەوە |
| Communications | 76.5 | 85.6 | 67.1 | 82.3 | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | 100.0 | 100.2 | 102.2 | 97.3 | رۆشنبیری |
| Education | 244.7 | 197.9 | 217.0 | 302.7 | پەروەردە |
| Restaurants | 152.6 | 118.4 | 153.0 | 171.3 | چێشتخانەکان |
| Miscellaneous Sevices and | 160.5 | 162.1 | 146.4 | 175.9 | کەرستە و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان |
| General Index Number | 141.9 | 137.1 | 135.1 | 152.6 | تێکرای گشتی |

# FOR KURDISTAN REGION FOR JULY – 2013

| Division | KRG | Duhok | Suly | Erbil | گروپەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 154.3 | 158.7 | 150.2 | 156.7 | خواردن و خواردەمەنی |
| Alcoholic Beverages,Tobacco | 121.0 | 118.2 | 124.6 | 118.5 | خواردەمەنیە کهولیەکان و توتن |
| Clothes and Footwear | 144.3 | 135.7 | 138.4 | 155.8 | جل و بەرگ و پێڵاو |
| Housing, Water,Electricity | 85.8 | 76.0 | 86.7 | 90.2 | کرێی خانوو، ئاو، کارەبا، سوتەمەنی |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | 125.2 | 127.5 | 118.7 | 131.5 | پێداویستیەکانی ناو ماڵ و چاککردنەوە |
| Health | 210.7 | 153.8 | 197.3 | 258.0 | تەندروستی |
| Transportation | 116.1 | 109.9 | 132.6 | 99.9 | گواستنەوە |
| Communications | 76.5 | 85.6 | 67.1 | 82.3 | پەیوەندی |
| Recreation and Culture | 100.1 | 100.2 | 102.4 | 97.3 | رۆشنبیری |
| Education | 244.7 | 197.9 | 217.0 | 302.7 | پەروەردە |
| Restaurants | 152.6 | 118.4 | 152.9 | 171.4 | چێشتخانەکان |
| Miscellaneous Sevices and | 159.3 | 156.0 | 154.1 | 167.2 | کەرستە و خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان |
| General Index Number | 142.3 | 135.4 | 135.3 | 154.3 | تێکرای گشتی |

# CPI FOR KURDISTAN REGION FOR AUGUST -2013

| Division | KRG | Duhok | Suly | Erbil | گروپەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| Food and Non-Alcoholic Beverages | 155.3 | 156.5 | 149.8 | 161.0 | خواردن و خواردەمەنى |
| Alcoholic Beverages, Tobacco | 121.0 | 118.2 | 124.6 | 118.5 | خواردەمەنيە كهوليەكان و توتن |
| Clothes and Footwear | 144.1 | 136.4 | 137.2 | 156.3 | جل و بەرگ و پێلاو |
| Housing, Water, Electricity | 85.2 | 75.8 | 86.0 | 89.5 | كرێى خانوو، ئاو، كارەبا، سوتەمەنى |
| House Supplies , Appliances & Maintenance | 125.1 | 127.2 | 118.5 | 131.5 | پێداويستيەكانى ناو ماڵ و چاككردنەوە |
| Health | 210.7 | 153.5 | 197.3 | 258.0 | تەندروستى |
| Transportation | 110.8 | 108.5 | 124.7 | 96.1 | گواستنەوە |
| Communications | 76.5 | 85.6 | 67.1 | 82.3 | پەيوەندى |
| Recreation and Culture | 100.1 | 100.2 | 102.4 | 97.3 | رۆشنبيرى |
| Education | 244.7 | 197.9 | 217.0 | 302.7 | پەروەردە |
| Restaurants | 152.6 | 118.4 | 152.9 | 171.4 | چێشتخانەكان |
| Miscellaneous Services and | 162.3 | 158.3 | 153.2 | 175.1 | كەرستە و خزمەت گوزاريە جۆراوجۆرەكان |
| General Index Number | 142.2 | 134.6 | 134.7 | 154.9 | تێكراى گشتى |

# راگەياندنـــــى
# دەرەنجامى هێڵى هــەژارى

پاش تـەواوبـوونـى رووپـێـوى ئـابـورى و كۆمەڵايەتى خـێـزان و هـەمـوو قـۆنـاغـە جياجياكانى رووپێوەكە و گـەيشتن بـە قۆناغى شيكـردنـەوەى داتـاكـان، گـەلـێـك نـيـشـانـدەرى لـێـوە بـەدەسـت دێـت لـە بوارەكانى ئابورى و كۆمەڵايـەتـى خـێـزان وەكو: (تـەنـدروسـتـى، پـەروەردە، هـێـزى كار، داهاتى و خەرجى خـێـزان، زانـيـنـى رێژەى مولكدارى... هتد)، كە بۆ كۆمەڵگا گـرنـگـى هـەيـە بـۆ دانـانـى پـلان بـۆ بەرەوپێشبردنى رەوشى گـشـتـى ئـابـورى تاكەكانى هەرێمى كوردستان.

ئەم رووپێوە گـرنـگـيـەكـى تـرى هـەبـوو ئەويش دياريكردنى هێڵى هەژارى بوو بـۆ خێزانەكانى عيراق و هەرێمى كـوردسـتـان بە تايبەتى.

وە بـۆ ئـەم مـەبـەسـتـەش لـە دوايـن كۆبوونەوەى بـانـكـى دەولى كـە هـاوكـارى هـونـەرى بـوون لـە ئـەنـجـامـدانـى كـارى رووپێوەكە كۆبوونـەوەيـەكـى فـراوان بـە بـەشـدارى سـەرۆكـى دەسـتـەى ئـامـار و سەرۆكى دەزگاى ناوەندى ئامارى عيراق و ئەندامانى لێژنەى كەمكردنـەوەى هـێـڵـى هـەژارى لـە عـيـراق و وەزارەتـەكـانـى پەيوەنديدار بە بابەتەكە لـە هـوتـێـلـى رۆتانا لە هەولێر ئەنجامدرا.

لە كۆبوونەوەكەدا تـيـشـكـخـرايـە سـەر دەرەنجامى هێڵى هـەژارى لـە عـيـراق و هەرێمى كـوردسـتـان بـەتـايـبـەتـى، كـە تيايدا لە هەرێمى كوردستان بـەرێـژەى 3.5 و بە بەراورد لەگەڵ نـاوچـەكـانـى ترى باشوورى عيراق كە 18.9ى تۆمار كردووە.

ئـەمـەش بـە روونـى دەريـدەخـات كـە كـاركـراوە بـۆ كـەمـكـردنـەوەى رێـژەى هەژارى لە ناوچەكەدا.

# بڕیاری كاركردن بە تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847) بۆ ساڵی 2012 درا



لەرێكەوتی 2013/9/1 كۆبوونەوەیەك بە ئامادەبوونی بەڕێز (د.صباح یوسف تۆما المالح) سەرۆكی دەستەی پێوانەسازی و كۆنترۆڵی جۆری بە وەكالەت لەگەڵ نوێنەرانی گشت وەزارەتەكانی (تەندروستی، كشتوكاڵ، بازرگانی، پیشەسازی) دەربارەی تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847) تایبەت بەماوەی بەسەرچوونی كەلوپەلی خۆراك لەهۆڵی كۆبوونەوەی دەستەی پێوانەسازی و كونترۆلی جۆری ئەنجامدرا.


ئامانجی ئەم كۆبوونەوەیە یەكلایی كردنەوەی تایبەتمەندی عیراقی (1847) بوو لە ساڵی (1999، 2010، 2012) تایبەت بە ماوەی بەسەرچوونی كەلوپەلی خۆراك، كە لە كۆتایی كۆبوونەوەكەدا بە كۆی دەنگی گشت وەزارەتەكانی ئامادەبوو بڕیاردرا كار بە تایبەتمەندی عیراقی ژمارە (1847)/ 2012 بكرێت بەمەرجێك (نسخەی اصلی) بێت.

هەروەها ئەم چالاكییانەش ئەنجامدراون:

- دروستكردنی بینای بازگەی صالح اغا و جەلەولا و كفری لەگەڵ مشتملات، كە لەلایەن دەستە جێبەجێ دەكرێت لەسەر بودجەی كۆمپانیا پشكنەرەكان.
- بەدواداچوون بۆ كردنەوەی بنكەی كۆنترۆڵی جۆری لە بانی مەقان، كە لە ئیستادا ڕاگیراوە لەبەر نەبوونی بودجە بۆ چاككردن و ڤیرتاوكردنی گۆڕەپانی شوێنی بنكەكە، وە بەپێی نوسراوی ڕێگاوبانی سلێمانی ژمارە (2070) لە 2013/6/12 دەرخستە ئامادەكراوە بۆ ئەو مەبەستە نێردراوە بۆ پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی تەرخانكردنی بودجە.
- لە تاقیگەی مەركەزی دەستەی پێوانەسازی كۆنترۆڵی جۆری بۆ وەرزی سێیەمی 2013، (465) لەنموونەكانی جوانكاری و پاككەرەوە پشكنینی بۆ ئەنجامدراوە، وە (31) نموونەی جگەرەش لە فرۆكەخانەی نێودەوڵەتی ڕەوانەی تاقیگەی دەستە كراوە، جگە لە نموونەكانی خۆراك بەگشتی، كە لەناو تاقیگە پشكنینی بۆكراوە بریتی بوون لە (99) نموونە كەڤێتنەری و كۆنترۆڵی جۆری خۆراك و ئاو ڕەوانەی دەستە كراوە.
- كۆی گشتی ئەو نموونانەی كە لە وەرزی سێیەمی ساڵی 2013 ڕەوانەی دەستە كراون بریتین لە (595) نموونە.

## خشتەی پشكنینی ئەنجامدراو لە تاقیگەكانی دەستەی پێوانەسازی كۆنترۆڵی جۆری، بەڕێوەبەرایەتی دهۆك و سلێمانی نموونەكانی ( خواردەمەنی ، ئاو، جوانكاری ، پاككەرەوە، جگەرە....)

| ناوی شوێن | كیمیا | | فیزیا | | بایۆلۆجی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | گونجاوە | نەگونجاوە | گونجاو | نەگونجاو | گونجاو | نەگونجاو |
| تاقیگەی ناوەندی دەستە | 525 | 64 | 548 | 33 | 484 | 29 |
| تاقیگەی ب. ك. دهۆك | 861 | 79 | 1292 | 96 | 273 | 31 |
| تاقیگەی ب. ك. سلێمانی | 263 | 10 | 274 | 2 | 223 | 5 |
| گشتی | 1649 | 153 | 2114 | 131 | 980 | 65 |




## بڕی كۆكراوەی بڕوانامەكانی (SGS&BV) بۆ مانگەكانی ( 7،8 ) وەرزی سێیەمی 2013 لە خوارەوە دیاری كراوە

| بڕوانامەكان | ژمارەی بڕوانامەی ڕێگەپێدان | بڕی پارەی وەرگیراو (COC) | ژمارەی بڕوانامەی ڕێگە پێنەدان | بڕی پارەی وەرگیراو (NCR) |
|---|---|---|---|---|
| BV | 30146 | $830340 | 62 | $14385 |
| SGS | 2994 | $36833416 | 19 | $14385 |
| گشتی | 33140 | $37663757 | 81 | $28770 |

## بڕی مەوادی هاتوو

- **بنكەی فرۆكە خانەی نێودەوڵەتی هەولێر:** بڕی مەوادی هاتوو (2585503)كغم كەبریتیە لەمەوادی (جوانكاری، جگەرە بە هەموو جۆرەكانی، كەرستەی بیناسازی، مەوادی سیارات، كەلوپەلی پاككەرەوە كارەبایات، .....هتد)، و بڕی مەوادی هاتووی جگەرە جۆرەكانی لەوەرزی سێیەم بریتیە لە(337821) كغم.
- **بەڕێوەبەرایەتی كۆنترۆڵی جۆری سلێمانی:** بڕی مەوادی هاتووی جگەرە/ توتنی نێرگەلە (1290292) كارتۆن ، وە (44) ڕێگەپێدراو و (1290248) ڕێگەپێنەدراوە.
- **هەروەها** بڕی مەوادی هاتووی توتنی پایپ/توتنی چێنراو (1598) تەنە.
- **بڕی هاتووی جگەرە لە سنوری ئیبراهیم خلیل:** بریتیە لە (8055.182) تەن، كە (8054.832)تەن ڕێگە پێدراو وە (0.35)تەنیش ڕێگەپێنەدراو بوو.

**كۆی گشتی لەمەوادی هاتوو لە مەرزەكانی (پاشماغ ، پەروێزخان، فرۆكە خانەی سلێمانی و خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل).**


ناوی مەوادی هاتوو لە : (پاككەرەوە ، مەوادی بیناسازی، مەوادی كارەبا، مەوادی مطبخ، مەوادی پلاستیكی، یاری مندالآن، سیارات، مەوادی سیارات...)

| بڕی هاتوو / تەن | | | بڕی هاتوو / كارتۆن | | | بڕی هاتوو / دانە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕێگەپێدراو | ڕێگەپێنەدراو | لەناوبراو | ڕێگەپێدراو | ڕێگەپێنەدراو | لەناوبراو | ڕێگەپێدراو | ڕێگەپێنەدراو | لەناوبراو |
| 81.536627 | 263.678 | 37.758 | 5454197 | 203 | نییە | نییە | نییە | نییە |

## خشل:

هۆبەی هونەری (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لە وەرزی سێیەمی ساڵی 2013

| جۆری كار و چالاكی | هەولێر | سلێمانی | دهۆك |
|---|---|---|---|
| دەرهێنانی مۆڵەتی زێڕینگەری | 13 | 3 | 2 |
| دەرهێنانی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | – | – | – |
| دەرهێنانی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | 4 | 1 | – |
| تازەكردنەوەی مۆڵەتی زێڕینگەری | – | 16 | 139 |
| تازەكردنەوەی مۆڵەتی فرۆشتنی زێڕ بە كۆمەڵ | – | – | – |
| تازەكردنەوەی مۆڵەتی وەرشەی زێڕ | – | 3 | 27 |
| پشكنینی خشلی هاوردە (زێڕ، پلاتین، زیوو) | 11497.470<br>یازدە هەزار و چوارسەد و نەوەد و حەوت كیلۆ و چوار سەد و حەفتا گرام | 24427.854<br>بیست و چوار هەزار و چوار سەد و بیست و حەوت كیلۆ و هەشت سەد و پەنجا و چوار گرام | 732.574<br>حەوت سەد و سی و دوو كیلۆ و پێنج سەد و حەفتا و چوار گرام |
| پشكنینی پسوولەی فرۆشتنی زێڕ | 143 | 75 | 17 |
| پشكنینی دوكانی وەرشە و زێڕینگەری | 30 | 4 | 9 |
| كێشكردنی تەرازوو | 121 | 71 | 11 |
| سەردانی لێژنەی چاودێری بازاڕ | 22 جار | 4 جار | 9 جار |
| زێڕی پشكێنراو لەلایەن لێژنەی چاودێری | 8669 گرام | – | 2850 گرام |
| تافیكردنەوەی زێڕینگەران و خاوەن وەرشەكان | 21 زێڕینگەر | 5 زێڕینگەر | 2 زێڕینگەر |



# ئەنجامدانــی هەشت خولــی مەشق و ڕاهێنــانــی نێودەوڵەتــی

لە ماوەی هەرسێ مانگی (تەمموز، ئاب، ئەیلول)ی ساڵی 2013 لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانان، (31) فەرمانبەر لە (18) دامەزراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (8) خولی مەشق و ڕاهێنان دا بەشدار و سوودمەندبوون.

کەئەم خولانەش بەهاوکاری هەردوو ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆنی JICA و ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتــی کۆریــای باشـــوور KOICA لە وولاّتی (ژاپۆن، کۆریای باشوور، تونس) ئەنجامدرابوون.


**خولە ئەنجامدراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاوکاری و هەماهەنگیی پەرەپێدان لە مانگی (7، 8، 9)ی ساڵی 2013**

| | |
|---|---|
| ژمارەی خولی ئەنجامدراو | 8 |
| ژمارەی فەرمانبەری بەشداربوو | 31 |
| دامەزراوە سوودمەندەکان | (ئەنجومەنی وەزیران، گشت وەزارەتەکان، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ئیدارە گەرمیان، ئیدارەی ڕاپەرین، فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە) |
| شوێنی ئەنجامدانی خولەکان | وولاّتی (ژاپۆن، کۆریای باشوور، تونس) |
| لایەنی ئەنجامدەری خولەکان | ئاژانسی JICA یابانی و ئاژانسی کۆریای باشوور KOICA |

**دامەزراوە سوودمەندبووەکانی حکومەت**

| ژ | دامەزراوە سوودمەندەکان | ژمارەی فەرمانبەری بەشداربوو |
|---|---|---|
| 1 | ئەنجومەنی وەزیران | 1 |
| 2 | وەزارەتی پلاندانان | 4 |
| 3 | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | 1 |
| 4 | وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 1 |
| 5 | وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | 8 |
| 6 | وەزارەتی داد | 1 |
| 7 | وەزارەتی پەروەردە | 2 |
| 8 | وەزارەتی کارەبا | 1 |
| 9 | وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی | 3 |
| 10 | وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان | 1 |
| 11 | وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان | 1 |
| 12 | وەزارەتی ناوخۆ | 1 |
| 13 | دەستەی وەبەرهێنان | 1 |
| 14 | دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ | 1 |
| 15 | فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە | 1 |
| 16 | پارێزگای هەولێر | 1 |
| 17 | ئیدارەی گەرمیان | 1 |
| 18 | ئیدارەی ڕاپەرین | 1 |

هێلکاری دامەزراوە سوودمەندبووەکانی حکومەت لە خول و ڕاهێنانەکان




# یاداشتنامەی لەیەکگەیشتنی پڕۆژەی بەهێزکردنی حوکمڕانی

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگای هەولێر و ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (ناسراو بە USAID) ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە بۆ کارکردنی پێکەوەیی تا پشتیوانی لە هەڵەکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابوری و کۆمەڵایەتی و حکومیە سەرەکیەکانی خۆی.

مەبەست لەم یاداشتنامەی لەیەك گەیشتنە "MoU" بۆ بەهێزکردنی پارێزگای هەولێرە لەرووی میکانیزمەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بە گشتی.

وەك بەشێکی ئەم هەواڵە، ئامانج گەلی پڕۆژەکە بۆ دابینکردنی هاوکاری تەکنیکیە بۆ پارێزگای هەولێر لەم بوارانەدا :

- پەرەپێدانی دامەزراوەیی: پشتیوانیکردنی پارێزگای هەولێر لەبواری پەرەپێدانی دامەزراوەییدا، تا ببێتە هۆی باشترکردنی شەفافیەت و توانست لە کاروبارەکانی حکومەتی خۆجێییدا.
- سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی بونیادنانی پرۆژەی ژێرخانی : پشتیوانیکردنی پارێزگای هەولێر لە بواری سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی بونیادنانی پڕۆژەی ژێرخانیەکاندا، تا ببێتە هۆی پەرەپێدانی کارامەیی زانینی ستافەکانی بۆ باشترکردنی سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی پڕۆژە.
- تواناسازی قائیمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیە : پشتیوانیکردنی پارێزگای هەولێر لە تواناسازی قائیمقام و بەڕێوەبەرانی ناحیە لە بواری شێوازگەلی ڕابەرایەتی کردنی گۆڕانکاری و ئامرازەکانی بڕیاردان و پراکتیزە و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردنی ناکۆکی و تەکنیك گەلی بنیادنانی گۆڕان و ئەولەویەت دانانی پڕۆژە.

جێگەی ئاماژەیە کە بودجەی خەملێنراو بۆ ئەم پڕۆژەیە ( 1,800,000 ) دۆلاری ئەمریکیە، کە بە هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و USAID دەبێت و بەشداری حکومەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (515,000) دۆلاری ئەمریکی دەبێت.

وەزیری پلاندانان و پارێزگای هەولێر بە

گرنگيەوە دەڕوانـنـە ئـەم ياداشـتـنـامـەى لەيەككەيشتنە و ئامادەيى تەواوى خۆيان و ستاڤ كاركردوو لە سەرجەم بوارەكانى ناوەڕۆكى ئەم ياداشتـنـامـەيـە خـسـتـەڕوو لەپێناو بـەهـێـزكـردنـى حـوكـمـڕانـى لـە هەرێمى كوردستان. پێشبينى دەكرێت دواى ئەم ياداشتنامەى لەيەككەيشتنە پارێزگاى هەولێر ببێتە نموونەيەكى سـەركـەوتـووى بـەهـێـزى كـاركـردنـى دامەزراوەيى و حكومڕانى لـە هـەرێـمـى كوردستان، ئەم پرۆژەيە سەرەتايەو دواتر هـەڵـسـەنـگـانـدنـى بـۆ دەكـرێـتـو هـەوڵ دەدرێت لەسەرجەم پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان جێبەجێ بكرێت دواى ڕاوێژ و ڕەزامەندى لايەنە پەيوەنديدارەكان.

# گفتوگۆكردن لەسەر بودجەى بەدەنگەوەهاتنى جۆرى كۆمەڵايەتى

لە 2013/8/20 كـۆبـوونـەوەيـەك لـەلايـەن ڕێـكـخـراوى ژنـانـى نـەتـەوە يەكگرتووەكان (UN-WOMEN) لـە مـيـوانخـانـەى ڕۆتـانـا لـە هـەولـێـر بـەڕێـوەچـوو، بـەمـەبـەسـتـى ڕوونـكـردنـەوەى بـيـرۆكـەى پـرۆژەى بودجـەى بـەدەنـگـەوەهـاتـنـى جـۆرى كۆمەلايەتى (GRB)، بۆئەوەى تاوتوێى ئەم باسە بكرێت لەگەڵ چەند وەزارەت و لايـەنـى پـەيـوەنـديـدار. شـارەزايـانـى پەيمانگاى ترۆپيكاڵ ڕۆيـاڵ ( Royal Tropical Institute) لـە وولاتـى هۆڵەندا، كە لەلايەن ڕێكخراوى ژنانى نەتەوە يەكگرتووەكان بـەڵـێـنـنـامـەيـان لەگەڵدا مۆركراوە لـەلايـەك ئـامـانـج و پێكهێنەرى ئەم پرۆژەيە ديارى دەكات.

لـەلايـەكـى تـريـشـەوە چـۆنـيـەتـى جێبەجێكردنى ئەو سيستەمە نوێيەى بودجە لەلايەن حكومەتى هەرێمى كـوردسـتـانـەوە ديـارى دەكـات بـۆ پاشەكەوتكردنى پارە و يارمـەتـيـدانـى خەڵك بـەشـێـوەيـەك كـە كـارامـەيـى و لێهاتوويى زياترى تێدا بەدى بكرێت.

پێشكـەشـكـردنـەكـە چـوار پـێـكـهـاتـەى



پرۆژەى بودجەى بەدەنگەوەهاتنى جۆرى كۆمەلايـەتـى گـرتـەخـۆ لـەوانـە: سازدانى چـەنـديـن دانـيـشـتـن و كـۆبـوونـەوە، كۆكردنەوەى زانيارى و شـيـكـردنـەوەكـان، هەروەها تواناى بـنـيـاتـنـانـى كـۆمـەڵـگـا و ئەكاديمياى مـەدەنـى و هـەمـاهـەنـگـيـى و بەڕێوەبردن.بەڕێوەبەرى گشتى و هاوكارى و هەماهـەنـگـيـى پـەرەپـێـدانـى وەزارەتـى پـلانـدانـان پـرۆژەى بـودجـەى بـەدەنگەوەهاتنى جۆرى كۆمەلايـەتـى بـەرزنـرخـانـد و چـەنـديـن پـێـشـنـيـار و سـەرنجى ئاراسـتـەى پـرۆژەكـە كـرد. بەشداربووان لـە چـەنـديـن دامـەزراوەى جياوازى حكومەتى هەرێمى كوردستان پێكهاتبوون، لەوانە :

(ئەنجوومەنى بـاڵاى كـاروبـارى خـانـمـان، ئـەنـدامـێـكـى پـەرلـەمـان، وەزارەتـى تـەنـدروسـتـى، وەزارەتـى پـەروەردە، وەزارەتى شارەوانى و گەشتوگوزار)، كـە بـە چـەنـديـن ڕاو و سـەرنـج و پـێـشـنـيـارى گـرنـگ كـۆبـوونـەوەكـە دەوڵەمەندتر بوو.

# پێداچوونەوە و دارشتنەوەی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ هەرێم بەگشتی و بۆ ئەم پرۆژانەی کە تایبەتن بە ژینگە.

- لەرێکەوتی (6/30 – 7/4)/2013 ووڕکشۆپی (أساسيات التخطيط الاستراتيجي للقطاع العام) لەلایەن ڕێکخراوی UNDP ئەنجامدرا،



بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی پێداچوونەوە و دارشتنەوەی ڕەشنووسی پلانی ستراتیجی پێنج ساڵی (2013 – 2017)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدات، بۆ نوێکردنەوەی داتا و زانیاری نوێ و نوێکردنەوەی نیشاندەرەکان بە پشتبەستن بە دیدگای کوردستان بۆ ساڵی (2020) و پلانی ستراتیجی عیراق بۆ ساڵی (2013 – 2017). وە چەندین کارو چالاکی دیکەش ئەنجامداون وەك:

- بەهاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ، پلانی ستراتیجی کشتوکاڵی ئامادە دەکات بۆ دانانی میکانیزمێکی گونجاو بەمەبەستی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی لە هەرێم و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی و کەمکردنەوە و ڕێکخستنی هاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەرەوە بەتایبەتی لەم وەرزانەی کە بەروبوومی خۆماڵی پێدەگات وەك پاڵپشتیەك بۆ جوتیارانی هەرێم و بەرهەمی ناوخۆیی.
- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بەڕێوەبردنی خاشاك لە سەیرانگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستەی گەشتوگوزار لەوەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بەمەبەستی بەشداریکردن لەکۆنفڕانسی زانستی گەشتیاری، کەلەمانگی تشرینی یەکەم لە دەستەی گەشتوگوزار ئەنجام دەدرێت.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکاری کەش و هەوای کوردستان بەسەرپەرشتی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم و ڕێکخراوی UNFCCC بۆ بەدەستهێنانی بەمەبەستی پەرەپێدانی توانای کارمەندانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بە گشتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی ستراتیجی بەتایبەتی، کە ئەم تەوەرانە لەخۆدەگرت :

- دانانی سەرەتایەکی گشتی بۆ پلاندانانی ستراتیجی شیکردنەوەی ژینگەی دەرەکی و ناوەکی.
- شیکردنەوەی پلاندانانی ستراتیجی کە بەشیکردنەوەی چواری ناسراوە لەگەڵ چۆنیەتی دانانی (دیدگا، پەیام، بەهاکان، پێناسەکان ، خەسلەتەکان).
- جێبەجێکردنی پلانی ستراتیجی و ئامادەکردنی پلاندانانی جێبەجێکردن و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی پلانی ستراتیجی لە هوتێلی بێست ئان لە شاری هەولێر.

## ئەنجامدانی (26) خول و سیمینار کە تیایدا (508) فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حکومەت سوودمەند بوون

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانای سەرچاوە مرۆییەکان لە سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی (تەمموز، ئاب، ئەیلول)دا (26)خول و سیمیناری بە ئەنجام گەیاندووە، کە تیایدا (508) فەرمانبەری دامودەزگاکانی حکومەت لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، دهۆك، سلێمانی) و ئیدارەی گەرمیان سوودمەندبوون.

## ئەو چالاکیانەی بە هەماهەنگیی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان و بازاڕکاری و سەنتەری تەکنەلۆجیا و ڕاهێنانی ئەوروپی ئەنجامدراون ETTC

- جێبەجێکردنی (17) خول و سیمینار لە چوارچێوەی گرێبەستێکی پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی لەگەڵ (ETTC).
- لە خول و سیمینارەکان (309) فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی حکومەت سوودمەند بوون، کە بریتیبوون لە (دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی وەزیران، پارێزگاکانی هەولێر، دهۆك، سلێمانی، ئەنجومەنی باڵای خانمان، وەزارەتەکان، دەستەکان، بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتی پلاندانان، فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان) و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی (گومرگ، شوێنەوار، وەبەرهێنان، شارەوانی عەنکاوە).
- هەروەها بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕێکخراوە بیانییەکان و سەنتەرەکانی ڕاهێنان و بەهێزکردنی هەماهەنگیی زیاتری نێوان بەڕێوەبەرایەتیەکان، زانیاری لەسەر ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵە سەنتەرە بیانی و ناوخۆیانەی کە لە بواری ڕاهێنان کاردەکەن کۆکردەوە، کە ژمارەیان نزیکەی (2000) دەبێت.





| ژ | ناوی خول | ڕێکەوت |
|---|---|---|
| 1 | تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندن بۆ زمانی ئینگلیزی | 2013/8/(20-18) |
| 2 | دوو خولی زمانی ئینگلیزی (ئاستی بەرایی) | 2013/(11/28-8/25) |
| | | 2013/(11/28-8/27) |
| 3 | دوو خولی زمانی ئینگلیزی (ئاستی یەکەم) | 2013/(11/28-8/25) |
| | | 2013/(11/28-8/27) |
| 4 | خولی زمانی ئینگلیزی (ئاستی دووەم) | 2013/(11/28-8/27) |
| 5 | خولی زمانی ئینگلیزی (ئاستی سێیەم) | 2013/(11/31-9/22) |

## خشتەی چالاکیە ئەنجامدراوەکان
## بە هەماهەنگیی لایەنی دیکە:

- خولەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بریتیە لە (100) بەشداربوو.
- خولەکانی فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر بریتیە لە (66) بەشداربوو.

## خولەکانی کۆمپیوتەری

| ژ | ناوی خول | ڕێکەوت |
|---|---|---|
| 1 | خولی فێربوونی بنەماکانی مایکرۆسۆفت Outlook | 2013/(9/12-8/18) |
| 2 | خولی فێربوونی بنەماکانی مایکرۆسۆفت Access 2010 | 2013/(9/19-8/18) |
| 3 | خولی فێربوونی ئۆتۆکاد ئاستی (بەرایی و پێشکەوتوو) | 2013/(10/24-9/22) |
| 4 | خولی فێربوونی مایکرۆسۆفت وۆرد (سەرەتایی) | 2013/(10/10-9/22) |
| 5 | خولی فێربوونی مایکرۆسۆفت ئەکسڵ (سەرەتایی) | 2013/(10/10-9/22) |

## سیمینارە کارگێڕییەکان: ( 107) بەشداربوو

| ژ | ناوی سیمینار | ڕێکەوت |
|---|---|---|
| 1 | دانانی پلانی ستراتیجی بە هەماهەنگیی ڕێکخراوی UNDP-ESCWA | 2013/(7/6-7/2) |
| 2 | لێهاتوویی بەڕێوەبردن بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەران | 2013 /8/ 18-16 |
| 3 | بونیادنانی تیم | 2013/(9/18-9/16) |
| 4 | چۆنیەتی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دیسپلین و ئەدای کارمەندان | 2013/(9/25-9/23) |
| 5 | گەشەپێدانی ڕۆڵی ئافرەت لە دام ودەزگا گشتیەکان | 2013/(10/1-9/29) |
| 6 | ستراتیجیەتی پەیوەندیە گشتیەکان | 2013/(10/1-9/29) |

## چـــــالاکیەکانی ئەنستیتۆی کوردستان
## بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA)

ئەنستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتیەکان هەڵسا بە جێبەجێکردنی (9) خول لە بواری جۆراوجۆر، کە (199) فەرمانبەر سوودمەند بوون لە گشت وەزارەتەکان لە هەرسێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان.

## خولە كارگێڕییەكان:

| ژ | ناوی خول | ڕێكەوت | پارێزگا |
|---|---|---|---|
| 1 | بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی | 2013/ 8 /(21-19) | هەولێر |
| 2 | بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی | 2013/ 8/(28-26) | هەولێر |
| 3 | دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان | 2013/9/(19-17) | هەولێر |
| 4 | دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان | 2013/9 /(26-24) | هەولێر |
| 5 | گرێبەستە گشتیەكان | 2013/9/(5-1) | دهۆك |
| 6 | دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان | 2013/8 /(22-20) | دهۆك |
| 7 | دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان | 2013/8 /(29-27) | سلێمانی |
| 8 | بنەما سەرەكیەكانی كارگێڕی | 2013/8/(21-19) | ئیدارەی گەرمیان |
| 9 | دیاریكردنی پێداویستیەكانی ڕاهێنان | 2013/9/(12-10) | ئیدارەی گەرمیان |

## تواناسازی

پرۆژەی تواناسازی یەكێكە لە پرۆژە ستراتیجیەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان, كە تایبەتە بە ناردنە دەرەوەی فەرمانبەران لە سەرجەم دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان, بەمەبەستی بەرزكردنەوەی توانا مرۆییەكان لە چوارچێوەی خوێندنی باڵا (ماستەر و دكتۆرا) لە دەرەوەی وولآت. هەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی توانا مرۆییەكان لەڕێگەی خولەكانی ڕاهێنان لەو بوارە جۆربەجۆرانەی كە پێویستن.

خولی دووەمی تواناسازی كە لە ساڵی 2012 بەرنامەی بۆ دانرا ڕاگەیەندرا، بەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێكرا:


- دیاریكردنی پێداویستی وەزارەتەكان بە هەماهەنگیی لەگەڵ خۆیان.
- ڕاگەیاندنی پرۆژەكە بۆ پێشكەشكردن.
- هەژماركردن و هەڵاوێركردنی خاڵەكان و دەستنیشانكردنی ئەو كەسانەی كە شیاو بوون.
- ڕاگەیاندنی ئەنجامی بەرایی و ماوەی سكاڵا دواجار ڕاگەیاندنی لیستی كۆتایی ناوەكان.

بۆ ئەم مەبەستە لە ئێستادا وەزارەتی پلاندانان سەرقاڵی بە دواداچوونی ئەو نوسراوانەیە كە لە 2013/6/6 ئاراستەی دام و دەزگاكان كراوە، كە بەشێك لە دام و دەزگاكان وەڵامیان ناردۆتەوە و بەشێكی تریان ماوە، كە داوایان لێكراوە پێداویستیەكانی خۆیان لە خوێندنی باڵا و ڕاهێنان دەستنیشان بكەن، بۆئەوەی بتوانرێت دوای دیراسەكردنی پێداویستیەكان و دانانی پێوەر و ڕێنماییەكان لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە لە وەزارەت ئامادەكاری بكرێت بۆ ڕاگەیاندنی خولی سێیەمی پرۆژەی تواناسازی.




## سەرجەم كاندیدكراوانی خولی دووەمی پرۆژەی تواناسازی (1068) كاندید بوو بەم شێوەیە:

| دیوان | پارێزگا | | | | ڕەگەز | | بوار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دیوانی وەزارەت و دام و دەزگاكان | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | گەرمیان | نێر | مێ | ماستەر | دكتۆرا |
| 178 | 348 | 318 | 175 | 49 | 841 | 227 | 1000 | 68 |




| ژمارەی ئەو کەسانەی تاكو ئێستا هیچیان نەکردووە | ژمارەی ئەو کەسانەی كە سەفەریان کردووە | ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە كۆرسى زمان | ژمارەی ئەو کەسانەی دەستیان بە مامەڵە کردووە |
|---|---|---|---|
| 200 | 219 | 347 | 302 |



# پرۆژەکانی بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ لە قۆناغی کۆتاییدان

بەرنامەی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ کە لە (16) کۆمەڵگا لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان بەشێوەی ئەزموونی لە بواری جێبەجێکردن دایە.

جگە لە خولی ڕاهێنان و ئاشناکردنی کارمەندانی یەکە ئیداریە ناوخۆیەکان و هاووڵاتیان بە سیستەمی لامەرکەزی و چۆنیەتی کارکردن بە کۆمەڵ و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دام ودەزگاکانی حکومەت چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاریشی خستۆتە بواری جێبەجێکردن.

هەروەها لە پرۆژەکانی بەرنامەی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ کەوا هاووڵاتیان خۆیان بڕیار لەسەر پرۆژەکان دەدەن، کە لەلایەن بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەڕاوێژ جێبەجێ دەکرێن.

| پارێزگا | کۆمەڵگا | پرۆژەی هەڵبژێردراوەکان |
|---|---|---|
| هەولێر | دەشتی هەولێر | دروستکردنی پەرژین و دابینکردنی ئوتومبێلی فریاکەوتن و کەلوپەل بۆ بنکەی تەندروستی دەشتی هەولێر لە گەڕەکی ئاشتی و دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ بنکەی تەندروستی بنەسلاوە لە گەڕەکی نەورۆز لە کۆمەڵگەی دەشتی هەولێر.<br>نۆژەنکردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی بلۆکەکانی (25 و 26) لە گەڕەکی چوارچرا لە کۆمەڵگەی دەشتی هەولێر. |
| | قوشتەپە | دابینکردنی ئوتومبێلی فریاکەوتن و کەلوپەلی پزیشکی بۆ بنکەی تەندروستی لە کۆمەڵگەی قوشتەپە.<br>نۆژەنکردنی هەردوو قوتابخانەی (دێدەوان و بەیان)ی بنەڕەتی و دروستکردنی دوو هۆلی تاقیکردنەوە لە قوتابخانەکانی (کەرکوك و ئامادەیی قوشتەپەی کچان) لە کۆمەڵگەی قوشتەپە. |
| | مەخمور | کردنەوە و کۆنکرێتکردنی شەقامی (مزگەوتی سەید عومەر، حاجی شاکر، مام ئەکرەم) لە کۆمەڵگەی مەخمور. |
| | سۆران | دروستکردنی باخچەی ساوایان و دابینکردنی کەلوپەل لە گەڕەکی هەرێم لە کۆمەڵگەی سۆران. |
| | ڕەواندز | دروستکردنی باخچەی ساوایان و دابینکردنی کەلوپەل لە گەڕەکی شەهیدان لە کۆمەڵگەی ڕەواندز. |
| سلێمانی | سەید سادق | دروستکردنی پارك لە گردی سەیدسادق. |
| | گرێزە | دروستکردنی ئاوەڕۆی لوولەیی بۆ گوندی گرێزە لە سەیدسادق. |
| | بیارە | دروستکردنی هۆلی پرسە و پێداویستی لە کۆمەڵگەی بیارە.<br>کۆنکرێتکردنی ڕێگاوبانی بەشێك لە گەڕەکی ملەی چنار. |
| | ڕانیە | دروستکردنی چوار باخچەی سەوزایی لە گەڕەکی کارۆخ لە ڕانیە.<br>دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستی و دروستکردنی یاریگا و لێدانی بیر بۆ قوتابخانەی پێنچی ئادار. |
| دهۆك | گردەسین | چاککردن و قیرتاوکردنی ڕێگاکانی ناوخۆ لە گەڕەکی ئاشتی و ئاراس و برایەتی.<br>دروستکردنی هۆلی ئەزموونەکان بۆ قوتابخانەی بنەڕەتی گردەسین لە گەڕەکی ئازادی. |
| | بەردەڕەش | چاککردنەوەی شۆستەکانی ڕێگاکانی ناو بازاڕی بەردەڕەش.<br>دروستکردنی یاریگایەکی فریزی دەستکرد بەناوی (6) یاریزانی لە گەڕەکی خێلەکی. |
| | شێخان | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی ڕوناهی.<br>دروستکردنی یاریگەی دەستکردی بچووك لە گەڕەکی شێخ شەمس. |
| | ئەلقوش | چاککردنی ڕێگاکانی ناوخۆی کۆمەڵگاکانی سەر بە ناحیەی ئەلقوش.<br>دابینکردنی ئامێری کۆپی کردن بۆ (60) قوتابخانە سەر بە ناحیەی ئەلقوش. |
| | سێمێل | دابینکردنی کەلوپەل بۆ سەنتەری ڕۆشنبیر و ناوەندی لاوان لە سێمێل.<br>چاککردن و کۆنکرێتکردنی ڕێگاکانی ناوخۆ لە گەڕەکی برایەتی. |
| گەرمیان | چەمچەماڵ | دروستکردنی باخچەی ساوایان لە گەڕەکی بێکەس.<br>دروستکردنی باخچە لە گەڕەکی بێکەس. |
| | کەلار | دروستکردنی ئاوەڕۆ بۆ گەڕەکی ئاوارەکان لە کەلار. |

ئێستا خولەکان بە کۆتا هاتوون، بەڵام دروستکردن و بونیادنانی پڕۆژەکان لە هەرسێ پارێزگای هەرێم بەردەوامیان هەیە، لە کۆی گشتی (26) پڕۆژە ئێستا زۆرینەیان لە قۆناغی کۆتایین.

نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکانی ناحیەی قوشتەپە لە کاتێکی زۆر گونجاو تەواوبووە پێش دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ تەواوی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هاووڵاتیان و بەڕێوەبەری مامۆستاکان داوایان کردبوو دابین کراون، بە هەمان شێوە نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی تۆڕی ئاوی چەند گەڕەکێك لە بنەسلاوە و دروستکردنی دیواری پارێزگاری بۆ بنکەی تەندروستی بنەسلاوە کە ئێستا لە خزمەتی هاووڵاتیانە.

لە کۆمەڵگاکانی تریش چەندین یاریگای تۆپی پێ و باخچەی ساوایان و دابینکردنی کەل و پەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان و دروستکردنی هۆڵی بۆنەکان و هۆڵی تاقیکردنەوە بۆ قوتابخانەکان تەواوبوونە و چەندین پڕۆژەی تریش هێشتا هەر لە قۆناغی دروستکردن دان، وەك کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکان و ئاوەڕۆ و باخچەی ساوایان و باخچەی سەوزایی (پارك) و دابینکردنی کەلوپەل بۆ چەند بنکەیەکی تەندروستی.

بەرنامەی گەیاندنی خزمەتگوزاری بەراویژ ئێستا لە هەوڵی نوێکردنەوە دایە بۆ ساڵانی داهاتوو لە هەمان کاتیشدا هەوڵ دەدرێت فراوانتر لە پێشوو خزمەتگوزاریەکانی بگەینێتە زۆرینەی قەزاو ناحیەکان.

## بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچەیی LADP

لەڕێکەوتی (2-6)/2013/9 وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاری ڕێکخراوی UNDP زنجیرە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لەگەڵ لێژنەکانی پلاندانانی هەرسێ پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پلانی ساڵی (2014) و پڕۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی (2014) ی پارێزگاکان و چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاری پڕۆژەکان و لەخۆگرتنی دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2020).

وە ئامانجیش لەم زنجیرە کۆبوونەوانە پەرەپێدانە بە توانای کارمەندانی تایبەت لە بەشی پلانەکان و ئاشناکردنیان بەشێوازێکی کاراتر لە چۆنیەتی پڕۆسەی دابینکردن و داواکردنی بودجەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

## ئاشناکردنی کارمەندان و بەڕێوەبەرەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چۆنیەتی داواکردنی بودجە بۆ پڕۆژە

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلانی پڕۆژەکان لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی 2013 هەڵسا بەکردنەوەی خولێك لەناو وەزارەتی پلاندانان بۆ فەرمانبەرانی گشت وەزارەتەکان بەتایبەت ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بەڕێوەبەرایەتی پلانی پڕۆژەکانی وەزارەتەکان کاردەکەن، بە ناونیشانی: (چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆڕمی زانیاری پڕۆژەکان)، وە ئامانجیش لەم خولە بریتی بوو لە ئاشناکردنی کارمەندان و بەڕێوەبەرەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەچۆنیەتی داواکردنی بودجە بۆ پڕۆژە یان سیستەمی داواکردنی بودجە لەلایەن وەزارەتەکان بە شێوازێکی نوێ و سەردەمیانە.



# کورتەیەك دەربارەی وەزارەتی پلاندانان

ئەم وەزارەتە بەپێی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2006ی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ـ عێراق دامەزراوە بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانەکانی پەرەپێدانی هەرێم و پێشخستنی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ڕۆشنبیرییەوە.هەروەها وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری و هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاکانی دیکەی حکومەت و کەرتی تایبەت پلانە درێژ و مامناوەند و کورتخایەنەکان و پەرەپێدانی مرۆیی و پەیوەندییەکان ، هەروەها پلانی بودجەی وەبەرهێنانی حکومی بەپێی چەند بنەمایەکی تایبەت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات . وەزارەت هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کرداری ئاماری جیاجیا لە هەرێمدا بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بە سەرژمێرییە گشتییەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانووەکان و ڕووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆربەجۆرەکانی هەرێمەوە هەیە ، وە هەروەها دانان و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نیشتیمانی بۆ پێوەرکاری و کۆنترۆلی جۆرەکی لە هەرێمدا بەپێی مواسەفاتی عێراقی و جیهانی.

ئەم ڕاپۆرتە (ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکان) بڵاوکراوەیەکی وەرزیە ، کە هەموو سێ مانگێك جارێك لە وەزارەتی پلاندانان دەردەچێت ، تیایدا ئەم کارو چالاکییە سەرەکییانە بەشێوەیەکی کورت و پوختکراو دەخاتە ڕوو ، کە لەم ماوەیەدا ئەنجامی داوە چ لەلایەن خودی وەزارەتەوە یان بە هاوکاری و هەماهەنگیی وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت و لایەنە ناوخۆیی و بیانیە پەیوەندیدارەکان.

پێویستە بگوترێت کەوا لەم ڕاپۆرتەدا تەنها ئاماژە بە کارو چالاکییە سەرەکییەکان کراوە بەشێوەیەکی کورت ، وە بۆ هەر ووردەکاریەك یا بەکارهێنانی داتاکان پێویست بە گەڕانەوە دەکات بۆ لایەنی پەیوەندار لە وەزارەتی پلاندانان یا ماڵپەڕی وەزارەت

(www.mop-krg.org)

ئامادەکردن
لیژنەیەك لە
وەزارەتی پلاندانان

e-mail address: tayeb_abbasi@yahoo.com



هەولێر - شەقامی 60 مەتری- نزیك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## ئامانجە ستراتیجیەکانی وەزارەتی پلاندانان

دەتوانرێت ئامانجە سەرەکییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بەکورتی ئاماژەیان پێبدرێت:

- ئامادەکردنی پلانی پەرەپێدانی هەرێم لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی و ڕۆشنبیری.
- دانانی پلانی درێژ و مامناوەند و کورتخایەنەکان بە بەشداری وەزارەتەکان و کەرتە حکومیەکان و کەرتی تایبەت.
- دانانی پلانی وەبەرهێنانی حکومی و پارەی تەرخانکراوی وەبەرهێنەکی (الأستثمارية) لە بودجەی گشتی دەوڵەتدا بەپێی دابەشبوونی جوگرافی
- ئامادەکردنی بەرنامەی گشتگیر و درێژخایەن و کورتخایەن و ساڵانە بۆ پەرەپێدانی هێزی کار.
- تازەکردنەوە و باشترکردنی ڕێکخستنی ئیداری و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی ڕاپەڕاندنی کار تیایاندا و گەشەپێدانی توانستی سەرکردە ئیداری و هونەرییەکان و مەشق پێدانی ئاستە جۆربەجۆرەکان، ئەویش لەڕێگای ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست وە بەهاوکاری لەگەڵ دەزگا حکومییەکانی دیکە.
- کارکردن بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان سەرچاوەکانی دەرامەت و پێداویستییەکانی گەشەپێدان.
- هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنی خۆماڵی و بیانی ، بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی ئابووری هەرێم .
- ئەنجامدانی پرۆسەی ئامار لە هەرێمدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە سەرژمێرییە گشتیەکانی دانیشتوانی هەرێم و خانوەکان و ڕووپێوی ئامادەیی تایبەت بە کەرتە جۆربەجۆرەکانی هەرێمەوە هەیە.
- پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نیشتیمانی بۆ پێوەرکاری و کۆنترۆلی جۆرەکی لەهەرێمدا کە بگونجێت لەگەڵ مواسەفاتی عێراقی و جیهانی.

Ministry Of Planning Activity And Achievement Report


وەزارەتی پلاندانان

هەولێر – شەقامی 60 مەتری – نزیک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

( www.mop-krg.org )